# نامە بۆ وەزارەتی دەرەەی بەریتانیا

ڕێزداران

،ئەوەندەی قوڵی ئەوبرینە کەبەجەستەی گەلەکەمانەوەیە ئازار پاڵی پێوەنایین کە لەشاری لتدزەوە بەپێ ئەوڕێگا دڕێژە بگرینە بەر تا ببین ڕاستەوخۆ پەیامی ئەوبەربەرێتی یەتان پێرابگەیەنین کەدەرهەق بە گەلی کورد لەسەردەستی دەوڵەتی تورک پێک دێت،برینەکان ئەوەندە قوڵن ئەوەندە بەسۆن ئەوەندە تراژیدین شایانی ئەوەن کە ئێمە لەم ڕێگایە دورتربڕۆینن و لەم ماندووبونە زیاتربچێژین و لەم هاوارە بڵندتربقیڕێنین ،لەگەڵ ئەوەی کە هەرلە خاکەوە بۆ مرۆڤەکان لە منداڵ و ژن و پیا و پیر و جوان پاشان بۆسروشت وژینگە تەنانەت ئاژەڵەکانیشمان ئیتر مردن لەسەریان کراوەتە ئەوقەدەرە کە ماف و نرخێک شایستەی ژیانیان نابینێت ئێمە کراوینەتە ئەومرۆڤە کە باشی ئێمە لەمردنماندایە چونکە کوشتن و مردنی ئێمە هیچ سزایەکی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی بۆنەبڕاوەتەوە بەڵکو بەپێی یاسایەک کە پێیدەوترێت لۆزان ڕێکیخراوە.

ڕێزداران

تەنها چەکێک کەلەسەر ئێمە تاقینەکرابێتەوە ئەتۆمە،دەنا وەکتر لەئێرانەوە فتوای کوشتنماندراوە و باشترین چەکی کۆکوژیمان دژ بەکارهاتووە تەنانەت بەملیۆنانمان لێکوژراوە ،ئەوەی لە عێراقیش دەرهەق بەکورد کرا لە ئەنفال وکیمیا باران بەسەدان هەزار مرۆڤی کورد تێیدا بونە قوربانی لەسوریاش وێڕای کوشتوبڕ و سوتاندنی مداڵەکانمان لەسینەمای عامودادا تەنها لەبەرئەوەی کورد بوو ن هیچ مافێکی هاوڵاتی بوون و مرۆڤ بونیشمان پێڕەوانەبینرا لەتورکیاشدا لە ئەنجامی ١٧ هەزار کردەوەی بکەری نادیاردا بەملیۆنان مرۆڤمان لێکوژرا بەزۆریش ناسنامەی تورکی شاخاوییان بەسەردابڕین،تا ئەم ساتە وەختەش لەتەواوی ئەم وڵاتانە هێرش و پەلامارەکانی هیچی لەهێزی خۆی کەمنەکردووە دەزانن بۆ؟ چونکە یاسای لۆزان کە کوردی ڕادەستی دەوڵەتانی سەردەست کردووە خۆی بۆخۆی زەمینەی نایاسایی بونی کوردی وەک گەل ساز و ئامادە کردووە بۆ نکولی کردن و نەناساندنی مافەکانی و سەرەنجام سەرکوتکردنی شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی.

ڕێزداران ؛

تێکۆشانی ئازادی خوازانەی گەلی کورد لەهەمبەر داگیرکاری و ئینکار و توانەوە دەبێت بەپێی یاسای گەردون ڕەوابێت،ئەگەر ڕەوشی پشێلەیەکیش بێنینە بەرچاو لەکاتی هێرشکردنەسەریدا ناچاری بەرگریکردنە لەخۆی ئەمەش یاسای سروشتە تەنانەت جوانترین گوڵ بۆ پاراستنی خۆی دڕک لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە ، ئەوەی مەبەستمانە بێدودڵی بیڵێین ئەوەیە دەستدانەچەک و ڕاپەڕین و شۆڕشەکەی ئێمەش بەڕێبەرێتی پ ک ک و سەرۆک ئۆجەلان گرێدراوی هەمان یاسان ،ئەگەر زەمینەی تێکۆشانێکی ئازادانە و دیموکراتیانە لە تورکیا هەبووایە دەوڵەت لەماوەی ٢ ساڵدا ٣٨٠٠ سیاسەتمەداری کوردی چۆندەخستەزیندانەوە ؟جۆن نکولی لە ٣٦ ئەندام پەرلەماندەکرد کە لە پرۆسەیەکی گوایە دیموکراتیانە و هەڵبژاردندا چونەتەپەرلەمانی ئەووڵاتەوە وەک نوێنەری گەلی کورد چۆن ڕێژەی لەسەدا ١٠ لانەدەبرا کە گەورەترین کۆت و کۆسپی بەردەم گەلی کوردە لەنوێنەرایەتی کردنەی خۆی لەپەرلەماندا وەک نەتەوە ،چۆن زمانی قەدەغەدەکات تەنانەت لەقوتابخانەکاندا پەروەردە بەوزمانە قەدەغەدەکات ئەگەر ماف لەم وڵاتەدا هەیەچۆن لەبەردەم کامێراکانی دنیادا دەستی منداڵی کورد دەشکێنێت وچۆن بەهەزارن منداڵ لەزیندانەکاندا توند دەکات و چۆن تەرمی ڕۆڵەکانی بە پەت بەدوای ئۆتۆمبیلدا ڕادەکێشێت چۆن سنوری زەمینی و ئاسمانی دەبەزێنێت و منداڵی ٦ مانگان لەت و پەت دەکات و باشترین تەکنەلۆجیای وەرگیراو بەکاردەبات و چەکی کیمیایی و ناپاڵم ی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی بەکاردێنێ؟

بەڕێزان

ئاستی بەربەرێتی دەوڵەتی تورک مرۆڤ بونی سەرکردەکانی تورکی خستۆتە ژێر پرسیارەوە بەکاربردنی چەکی کیمیایی و ناپاڵمی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لە ناوچەی چەلێی جولەمێرگی باکوری کوردستان لە بەرواری ٢٢ ،١٠ ،٢٠١١ کەتێیایدا ٣٧ گریلای شۆڕگێڕی کورد گیانیان بەخشی بە دڕندانەترین شێوە پارچە پارچە کران و سوتێنران بەجۆرێک هەتا ئێستاش بنەماڵەکانیان جگەرگۆشەکانی خۆیان ناناسنەوە ئەم تاوانە وێڕای ئەوەی کە لە ڕۆژنامەی گاردیەنی بەریتانی و شپیگلی ئەڵمانی باسکران بەڵام وەک تاونەکانیتر بێسزادانی ئەنجامدەرانی دەرباز بوون و تەنانەت ئەوانەی ئەو کۆمەڵکوژی یەیان ئەنجامدا وەک سەرکەوتنێک بۆخۆیان و سوپاکەیان هەژمارد دەکرد ئایادەکرێت ئەمجۆرە تاوانبارانە مرۆڤ بن؟ سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی تورک لەجیاتی سزادانی تاوانباران پاش ئەوهێرشە هەڕەشەی ئەوەدکات کە تەنانەت ئەگەر ڕۆژنامە تورکییەکانیش بەرگری لە گرتن و زیندانیکردنی

ئۆپەراسیۆن گوایە کە جە کە بکەن بەتوندی سزادەدات ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە یاسا لەم وڵاتەدا ئامرازی باڵادەستی ڕایەدارانی سیاسی یە و بەئارەزووی خۆیان بۆسەپاندنی باڵادەستی و کۆیلەکردنی گەلی کورد کردویانەتە داردەست؟
ڕێزداران؛

ناوزەند کردن و پروپاگەندکردنی ئەوەی کە تەڤگەری ئازادی خوازی کورد تیرۆریستە پێناسە و هەڵسەنگاندنێکی ڕەوا و دادپەروەرانە نی یە گەلی کورد لەبەرامبەر بەربەریەتی دەوڵەتانی سەردەستیدا ناچار بەدۆخی بەرگری ڕەوا کراوە و ئەمەش لەیاساکانی مافی مرۆڤدا جێگیرکراوە ،هەروەها هەرگیز ناکرێت تێکۆشانێک کە زیاتر لە ٣٣ ساڵە بەردەوامە خاوەنی فراونترین ڕێکخستنە لە رۆژهەڵاتی ناویندا ورۆژلەدوای رۆژ مەزنتر و فراوانتر دەبێت لەسەر ئاستی تەواوی پارچەکانی تری کوردستانیش گەل پێشوازی لێدەکات و تەڤلی دەبێت و خاوەن لێیدەردەکەوێت تیرۆریست بێت لەهەمان کاتدا ڕۆڵی ڕێبەرێتی ئەو تەڤگەرە ڕێبەر ئاپۆ مەحکوم بە گۆشەگیری و ئەشکەنجە بکرێت لە زیندانی ئیمیراڵیدا ،وێڕای ئەوەی کە بەڕێزیان لەماوەی ٢٥ ساڵی ڕابوردوودا تەواوی وزە وهزراندنی خۆی خستە گەڕ لەپێناوچارەسەری یەکی ئاشتیانە و جێگیرکردنی مافەکانی گەلی کورد تەنانەت لەسەختترین هەل ومەرجی زیندانیدا پاش ڕادەستکردنەوەی بەدوەڵەتی تورک هەمیشە وەک مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ و مرۆڤ دۆست چەندین پرۆژەی چارەسەری دیموکراتیانە و ئاشتیخوازانەی پێشکەشکرد کەدواترینیان بە نەخشەڕێی چارەسەری ناسراوە لێ مەخابن ئەوە بۆماوەی زیاتر لە ١١٠ رۆژە لەسەرەتاییترین مافەکانی خۆی وەک زیندانێکی سیاسی دابڕێنراوە و مافی ئەوەشی پێنادرێت کە پارێزەرەکانی هەروەها بنەماڵەکەشی چاویان پێی بکەوێت ئەمە لەکاتێکدا گەلی ئێمە هەردەم پێداگیری لەوڕاستی یە کردوە کە ڕێبەر ئاپۆ موخاتیبی ئەم پرسەیە و تەنانەت ئازادی خۆی بە ئازادی ڕێبەر ئاپۆ گرێدەدات
.

**ڕێزداران ئێمە داولە بەڕێزتان دەکەین کە:**

1 – لەئاست ئەم تاوانە مەزنە دژ بەمرۆڤایەتی یە لە کەسێتی گەلی کوردا بە پێشێلکردنی یاسای شەڕ و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و ناپاڵمی قەدەغەکراو بێدەنگ نەمێنن و داوای لێکۆڵینەوەیەکی یاسایی و بێلایەنانە بکرێت لەم ڕووەوە بەفەرمی ئەم پرسە ڕووبەڕوی لایەنی بەرپرس بکەنەوە ،هەروەها کۆتایی بە گرتن و ڕاوەدوونانی سیاستەمەدارانی کرد بهێنرێت و زیندانی یەکان ئازادبکرێن و ڕەوشێکی ئارام بۆ ئاشتی وچارەسەری دیموکراتیانە پێکبهێنرێت.

2 – بەزوترین کات داوا لەدەوڵەتی تورک بکرێت دەربارەی ڕەوشی ڕێبەرئاپۆ لێدوانی فەرمی بدات و بەزوترین کات گۆشەگیری لەسەر لابدرێت و دەرفەتی بۆبڕەخسێنرێت کە ڕاستەوخۆ ڕۆڵی خۆی لە پرۆسەی چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد ا بگێڕێت و هەل و مەرجی زیندانی باشتر بکرێت ،هەروەها داواله ڕێکخراوی سی پی تی بەرگری کردن لە ئەشکەنجەی سەربە کۆنسەی ئەوروپا بکرێت بەزوترین کات ڕۆڵی خۆی لە هەڵگرتنی گۆشەگیری سەر ڕێبەرئاپۆ بگێڕێت لەڕوی یاسایی یەوە دەوڵەتی تورک ناچاری ڕێزگرتن لەمافەکانی ڕێبەرمان وەک سەرکردەیەکی سیاسی بگرێت.

**چالاکوانانی ڕێپێوانی درێژمەودا**

**٠٠٤٤٧٥٩١٨٨٥٣٥٨**